## بۆمبەکەی شەمدینان!... ئامادەکردنی: هیوا بەکر

بە پێی هەندێك هەواڵ کە لە میدیا تورکییەکاندا بڵاو بۆتەوە! بەڕێز تاڵەبانی لە کاتی سەردانەکەی بۆ ئێران گوایە چاوی کەوتووە بە چەند کەسێکی پایە بەرزی دەزگای میتی تورکی بۆ تاوو توێ کردنی کێشەی پەکەکە لەسەر سنوورەکانی هەردوو وڵاتی دراوسێ و بە پێی ئەو سەرچاوانە بەڕێزیان لە میانی ئەو چاوپێکەوتنانەدا پابەبەندی خۆی وەك لایەنێکی کوردی بە (1) وەدەرنانی چەکدارانی پەکەکە لە باشوری کوردستان و (2) یەك پارچەیی ئێراق دووپات کردۆتەوە و هەر بە پێی ئەو هەواڵانەش گوایە بەڕێزیان لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەیان بارێك دۆلاری وەرگرتووە! هەروەك بەڕێزیان لە سەردانی بۆ ئەحمەد نەژادی سەرۆکی ئێرانی بە پێی ئەو سەرچاوانە چاوی کەوتووە بە عەلی لاریجانی سەربە دەزگای هەواڵگری ئێرانی و لەگەڵ ئەوانیشدا بە هەمان شێوە بارودۆخی نائارامییەکانی ئەم دواییەی کوردستانی ئێرانیش تاووتوێ کراوە و ئێرانییەکانیش بەڵێنیان لە بەڕێزی وەرگرتووە کە بە هیچ شێوەیەك هانی کوردانی ئەو وڵاتە نەدرێت و دەست لە کاروباری یەکتری وەرنەدەن!
هەروەك هەوڵەکان دراون بۆ هێنانە ڕیزی بارزانیش بۆ ناو ئەم کۆبوونەوە نهێنیانە بەڵام سەرکەوتوونەبون. بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی سەری ڕەش لەگەڵ بەرپرسانی دەزگای میتی تورکی، پەرۆشی تورکیا لەمەڕ بارودۆخەکە و نیگەرانیان سەبارەت بە ڕاگەیاندنەکانی بارزانی سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان تاوو توێ کراوە و لەوێدا ئەوان بە ڕاشکاوی نیگەرانی خۆیان دەربریوە سەبارەت بە کێشەکانی پەکەکە و کەرکوك و مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان!

ئەم وتارە هەواڵ ئامێزەی سەرەوە پوختەی کورتی ووتارێکی بەڕێز (مستەفا کەرکوکی) ەو کە ئەمەی خوارەوە لینکەکەیەتی:
Kurdistan Observer/Talabani set off to Iran?/Mustafa kirkuki

ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە:
خوا پەنامان بدات ئەوە دیسان تورکیا کەوتەوە هاش و هوش، هەروەك هەموو جارێك کە نزیك دەبینەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئێراق، وەك چۆن یەکێتی و پارتی هەڵبژاردنەو هەڵبژاردن کەرکوکیان بیر دەکەوێتەوە ئاواش تورکیا لەسەروبەندی هەموو هەڵبژاردنێکدا کەرکوکی وەبیر دێتەوە و دەکەوێتە پیلان گێڕان!

خوا پێم نەگرێت (سیناریۆی بۆمبەکەی شەمدینانیش) هەر دروست کراوی دەستی میتی تورکە بۆ ڕاکێشانی پەکەکە بۆ ناو مەیدانی ئەم یاریە خەتەرناك و چارەنووس سازە!

هیوا بەکر/بەریتانیا/لیدس/بڵاوکراوەی ئاوێنە